## لەبەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی نیشتمانیی دیموکراتی و هاوپەیمانیی کوردستاندا:

**چەسپاندنی فیدرالی و سنووری جوگرافیی کوردستان و گەڕاندنەوەی شارو شارۆچکە تەعریبکراوەکان و سرینەوەی شوێنەواری پاکتاوی ڕەگەزیی دووپاتکراونەتەوە.**

**دوێنێ لیژنەی باڵای هاوبەشی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەرنامەی هەڵبژاردنی هەردوو لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق ڕاگەیاند و ئارمی تایبەت بەهەر یەکێك لەلیستەکانیشی بڵاوکردەوە.**

**ئەمەش بەرنامەی هەڵبژاردنی هەردوو لیستەکەیە:**

**بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان**

دوابەدوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و هاتنەپێشەوەی قۆناغی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عیراق، گەلی کوردستان بەئیرادەیەکی یەکگرتووی هاوبەش لەپێناو دابینکردنی مافە سروشتی و ڕەواکانی کە بەدرێژایی مێژووی خۆی و عیراق خەباتی بۆ کردووە، ئەمڕۆ خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی قۆناغی دووەمی پەرلەمانی کوردستان سازو ئامادە دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش زۆرینەی هێزە سەرەکی و لایەن و پێکهاتە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان بەلیستێك لەژێرناوی (لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان) بەشداری لەو هەڵبژاردنە دەکەن ، بەهەموو توانایانەوە تێدەکۆشن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی

خوارەوە:
1-چەسپاندنی سیستەمی فیدرالیِ لەدەستووری هەمیشەیی عیراقدا لەسەر بنەمای یەکێتیی ئارەزوومەندانە وەك بەرجەستەبوونێکی مافی بریاردانی چارەی خۆنووسینِ لەم قۆناغەدا.
2-یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان.
3-گەراندنەوەی کەرکوك و خانەقین و زەمارو شەنگال و مەخموور و هەموو شارو شارۆچکە تەعریبکراوەکان کە لەدوایِ رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا رزگاریان بووە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستانی عیراق.
4-دیاریکردن و چەسپاندنیِ سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان بەپشتبەستن بەراستییە مێژوویی و سیاسی و جوگرافییەکان.
5-جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەریی یاساو ئاڵوگۆرکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و سەربەخۆیی دادوەری.
6- رێزگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەفرەیی سیاسی و ئایینی و مەزهەبی (بەموسڵمان و مەسیحی و شیعەو سونەو ئێزدی و کاکەیی و شەبەك و ئەرمەنی ... )یەوە.
7-دابینکردن و بەیاساییکردنی تەواوی مافە نەتەوەیی و سیاسی و ئیداری و کلتوورییەکانی تورکمان و کلدۆئاشوور (ئاشووری، کلدانی، سریانی )و عەرەبە رەسەنەکان لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستان.
8-سرینەوەی شوێنەواری سیاسەتەکانی تەعریب و پاکتاوی رەگەزیی و نەهێشتنی ئاسەواری وێرانکردنی کوردستان و قەرەبووکردنەوەی هەموو قوربانیان و زیان لێکەوتووانی شاڵاوەکانی ئەنفال و جینۆسایدو کیمیاباران و پرۆسەکانی راگواستن و ئاوارەکردن.

9-بەربەرەکانیکردنی هەموو شێوەکانی توندوتیژیی و تیرۆرو سەرەرۆیی لەناو کۆمەڵگای کوردستان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هۆکارو سەرچاوەکانی.
10-چەسپاندنی دەسەڵاتی یاساو رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و فراوانکردنی ئازادییە دیموکراتی و تاکە کەسییەکان و پتەوکردن و پەرەپێدانی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی و فراوانکردنی بنکەی بەشداریِ سیاسی لەکوردستان.
11-پەرەپێدان و گەشەپێدانی زیاتری ئازادی لەبواری رادەربرین و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەو رۆژنامەگەری.

12- پەرەپێدان و پێشخستنی باری رووناکبیری و هونەری و هاندان و پیشتیوانیکردن لەداهێنانی زانستی و هونەری و ئەدەبی و رۆشنبیری و ... تاد.
13-یەكخستن و رێكخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان وەكو هێزێكی نیزامی هاوچەرخ و دابینكردنی پێویستییەكانی.

14-بایەخدان بەپێشمەرگە دێرینەكان و چاككردنی باری ژیان و گوزەرانیان.
15- باشتركردنی ژیان و گوزەرانی هاوولاتیان لەرێگەی كەڵك وەرگرتنی زانستیانە لەوەبەرهێنانی سامانەكانی كوردستان و دامەزراندنی پرۆژەی ستراتیژی ، هەروەها دابەشكردنی عادیلانەی داهات و پرۆژەكان لەكوردستان بەجۆرێك كەشوێنەواری نەبوونی و نەداری نەهێڵێ و دەرفەت و بواری كاركردن و وەبەرهێنان بۆ هاوولاتیان بەیەكسانی برەخسێنی.
16-زیادكردنی مووچەی فەرمانبەران و كارمەندان و خانەنشینان بەتایبەت ئەوانەی كە داهاتیان سنووردارە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری كۆمەڵایەتی.
17- بایەخدان بەخێزان و كەسوكاری شەهیدان و كەمئەندام و ئەنفال و قوربانیانی چەكی كۆكوژی و ئاوارەكان و زیندانیانی سیاسی و قەرەبووكردنەوەی هەموو ئەوانەی كە لەئاكامی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی پێشووی بەعس زەرەرمەندبوون.
18-پێشخستن و گەشەو پەرەپێدانی كۆمەڵگای كوردستان لەهەموو بوارو ئاستەكاندا، بەتایبەت لەرووی بنیاتنانەوەو چاكتركردنی ژێرخانی ئابووری بەشێوەیەك كە لەگەڵ هەلومەرجی ئەمرۆی جیهاندا بگونجی.
19-دانانی بەرنامەیەكی خێراو بنچینەیی بۆ بنبركردنی كێشەكانی ئاوو كارەباو سووتەمەنی لەهەرێمی كوردستان و تەرخانكردنی بودجەی پێویست.
20-دانانی بەرنامەیەكی هەمەلایەنە بۆ چارەسەركردنی قەیرانی نیشتەجێبوون و ئاسانكاری پێكەوەنانی خێزان.
21-پەرەپێدانی كەرتی كشتوكاڵ و بایەخەدان بەگوندو لادی و ئوردوگاكان و بەرزكردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی جووتیارانی كوردستان و پێشكەشكردنی هەموو جۆرەكانی خزمەتگوزاری بەجۆرێك تاجیاوازی لەنێوان لادی و شارەكاندا كەم بێتەوە.
22-ئەنجامدانی چاكسازیی لەبوارەكانی پەروەردەو فێركردن بەزانكۆكان و خوێندنی باڵاشەوە بەپێی هەلومەرجی هاوچەرخ و زانستیانە.
23-بەرزكردنەوەی رێژەی بەشداریكردنی ئافرەتان لەهەموو بوارەكانی

سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و كلتووری و... تاد، هەروەها هەوڵدان بۆ كاراتركردن و ئاسوودەتركردنی رۆڵی دایكانەی ژنانی كوردستان.
24-چەسپاندنی مافەكانی منداڵ، لەبوارەكانی كومەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەو فێركردن و بنبركردنی هەموو شێوازەكانی توندوتیژیی دەرهەق بەمنداڵان و دەستەبەركردنی چاودێریی پێویست.
25-بایەخدان بەنەوەی نوآ و لاوانی كوردستان لەبواری پەروەردەو فێربوون و تەندروستی و كومەڵایەتییەوە بەسوودوەرگرتن لەداهێنانی تازەی زانستی لەبواری سیستەمی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و پەیوەندییەكان.
26-پەرەپێدانی چالاكی وەرزشیی و بزاڤی دیدەوانی و پشتیوانیكردنی كۆڕ و یانە وەرزشییەكان بەدابینكردنی یاریگاو كەلوپەلی پێویست.
27-پەرەپێدان و كاراتركردنی خزمەتگوزارییەكانی شارەوانی و ریگەوبان و ئاوەرۆكان.
28-پەرەپێدان و چاككردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان بەدابینكردنی نەخۆشخانەی پسپۆری و بنكەی تەندروستی لەشارو شارۆچكەو دێهاتەكانی كوردستان و پەیرەوكردنی ریگاچارەی تازەو هاوچەرخ لەدۆزینەوەو چارەسەركردنی نەخۆشییەكان.
29- پەرەپێدانی كەرتی گەشتوگوزارو بنیاتنانەوەی لەسەر بنەمایەكی هاوچەرخ و هاندانی كەرتی تایبەت لەناوخۆو دەرەوە بۆ وەبەرهێنان لەم بوارەدا.
30-پاراستنی ژینگەی كوردستان و هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەو هەمواركردنی یاسای تایبەت بەپاریزگاری و پاراستنی ژینگەو سروشت.

ليستي نيشتماني ديموكراتي كوردستان

پارتي ديموكراتي كوردستان     يه كێتيي نيشتيمانيي كوردستان

حيزبي شيوعي كوردستان     يه كگرتووي ئيسلامي كوردستان

حيزب و كةسايةتية سياسيةكاني توركمان

حيزب و لايه نه سياسيةكاني ( كلداني ئاشووري سرياني )

حيزبي سؤسياليستي ديموكراتي كوردستان

يةكيَتي نةتةوةيي ديموكراتي كوردستان

بزوتنةوةي جوتياران و چه وساواني كوردستان

# البرنامج الانتخابي لقائمة التحالف الكردستاني

بعد تحرير العراق من النظام الدكتاتوري وبدء مرحلة جديدة من الحياة السياسية والاجتماعية للعراقيين بكافة قومياتهم و اطيافهم الدينية والمذهبية والسياسية, وبعد ان قطعت العملية السياسية في العراق اشواطاً الى الامام, على طريق بناء نظام سياسي ديمقراطي وطني يحترم حقوق الانسان ويؤمن بالتعددية ويعمل من اجل ارساء اسس المجتمع المدني وترسيخ التآخي والتعايش السلمي بين كافة مكونات الشعب العراقي, عبر انتخابات ديمقراطية نزيهة يشارك فيها ابناء الشعب العراقي وقواه السياسية , تحت اشراف الامم المتحدة و المنظمات الدولية المختصة لاستكمال عملية استعادة السيادة ومن اجل تحقيق الاهداف و لقيم المذكورة،ً تشارك (قائمة التحالف الكردستاني) التي تضم تجمعاً للقوى و لاحزاب السياسية الكردستانية الاساسية في هذه الانتخابات ببرنامج يضم الاهداف الرئيسية التالية:

-1اقرار دستور دائم وفقاً لمبدأ التوافق، يضمن اقامة نظام فدرالي تعددي ديمقراطي, على اساس الاتحاد الاختياري بين مكونات الشعب العراقي، ومبدأ فصل السلطات، وتداول السلطة بالطرق السلمية وعن طريق انتخابات حرة مباشرة.

-2اقرار الحقوق المشروعة للشعب الكردي وتثبيت المبادىء الاساسية الواردة في قانون ادارة الدولة العراقية الصادر في 2004/3/8 بهذا الخصوص.

-3اقرار الحقوق القومية والسياسية والثقافية والدينية للتركمان والشعب (الاشوري الكلداني السرياني (والارمن والأيزيديين والشبك والكاكائيين والصابئة وكافة مكونات الشعب العراقي.

-4ترسيخ ونشر مبدأ وثقافة التسامح الديني والسياسي والتعايش الاخوي بين جميع مكونات واطياف الشعب العراقي واحترام التعددية السياسية والقومية والمذهبية والثقافية لجميع ابناء الشعب.

-5الغاء كافة القرارات والقوانين الجائرة للنظام البائد وازالة آثارها, من التعريب والتهجير والحجز والنفي وغيرها.

6-اقرار الحقوق والتعويضات لجميع الضحايا والمتضررين من حملات الابادة الجماعية وعمليات الانفال السيئة الصيت وضحايا القصف الكيمياوي وعمليات التهجير القسري وتدمير المدن والقرى ومناطق الاهوار.
7-الاهتمام بعوائل الشهداء والمعوقين وتوفير الرعاية اللازمة لهم .

8-مكافحة الارهاب والعنف بكافة اشكاله وأساليبه, والعمل على اجتثاث جذوره وآثاره داخل المجتمع العراقي.

9-العمل من اجل ترسيخ وتنمية قيم المجتمع المدني، وازالة كل مظاهر التعصب الديني والقومي والطائفي واحترام مبادئ حقوق الانسان وسيادة القانون.

10-بناء علاقات وطيدة مع دول الجوار على اساس مبادئ احترام السيادة وعدم التدخل و المصالح المشتركة ومحاربة الارهاب.

11-اقرار حرية الرأي والتعبير والصحافة والنشر واحترام العقائد.
12-دعم قضايا المرأة ورفع نسبة مشاركتها في جميع مؤسسات الدولة، والنهوض بها في كافة المجالات الاجتماعية والاقتصادية والسياسية والثقافية، بما يليق بمكانتها في المجتمع العراقي الجديد .
13-ضمان حقوق الطفل في جميع المجالات الصحية والتربوية وتوفير الرعاية اللازمة والحماية الضرورية له بموجب مواثيق الامم المتحدة.

14-الاهتمام بالشباب وتوفير الرعاية اللازمة لهم لضمان تقدمهم في المجتمع وتنمية طاقاتهم.
15-العمل من اجل تحسين المستوى المعيشي لجميع ابناء الشعب العراقي بشكل يضمن الرفاهية والعيش الكريم.
16-تقسيم الثروة وفق اسس عادلة بحيث تتناسب مع حجم سكان الاقاليم.
17-العمل على اقرار مشروع متكامل لأعادة اعمار العراق, وخصوصاً المناطق المتضررة جراء الحروب والسياسات التعسفية للنظام السابق.
18-اقرار مشروع لاعمار المناطق المتضررة جراء الاعمال الارهابية وتعويض المواطنين فيها.
19-اقرار خطة شاملة للتنمية تتضمن النهوض بالواقع الاقتصادي والاجتماعي واتاحة فرص العمل والاستثمار لجميع المواطنين ومكافحة البطالة.
20-اتباع سياسة اقتصادية صائبة على اساس اقتصاد السوق ودعم الاستثمار الوطني وتوفير الضمانات اللازمة للنهوض بالقطاعات الزراعية والصناعية والتجارية.

21-مكافحة الفساد الاداري والمالي واتباع الشفافية على كافة الاصعدة.
22-اعداد خطة واقرار ميزانية لمعالجة ازمة السكن في كافة انحاء العراق .

23-توفير الخدمات الاساسية لجميع مواطني العراق، وخاصة خدمات الماء والكهرباء والوقود، وتطوير نظام الاتصالات.
24-العمل على اقرار خطة للضمان الاجتماعي تتضمن دعم تكوين الاسرة وتوفير الرعاية الاجتماعية المناسبة لها.

25-اصلاح النظام التربوي والتعليمي، ودعم الجامعات والمعاهد و المدارس ومراكز البحوث العلمية في كافة انحاء العراق.
26-النهوض بالقطاع الصحي وتوفير الرعاية الصحية الشاملة لأبناء الشعب العراقي.

## قائمة التحالف الكردستاني

الاتحاد الوطني الكردستاني،الحزب الديمقراطي الكردستاني

الاتحاد الاسلامي الكردستاني، الحزب الشيوعي الكردستاني،

الاحزاب والقوى السياسية) الكلدانية الاشورية السريانية (الاحزاب والشخصيات السياسية التركمانية، الحزب الاشتراكي الديمقراطي الكردستاني، حزب كادحي كردستان، الاتحاد القومي الديمقراطي الكردستاني، حركة فلاحي ومضطهدي كردستان، شخصيات عـــربـــية مســـتــقـلة.